**بە ناوی کوردستانی گەورە !**

**خۆزگە باشتر لە یەك تێبگەین.**

2003/7/26

ح. س. سۆران

soran909@hotmail. com

**کەرەسەی زمان، بۆ پەیوەندی نێوان ژینەوەران، شتێکی زۆر پێویستە و تەنانەت بێجگە لە مرۆڤ، زوربەی گیاندارنی دیکەش، بە چەشنێک قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن و لە یەک حالی دەبن. دیارە کوردیش، دەبێ لەم کەرەسە گرنگە زۆر بە باشی و بە بێ گرفتوگیری کەڵک وەربگرێ.**

**بەڵام بە داخەوە، درمی دەردەکورد، کە لە زوربەی ناوچەگەلی کوردستانی مەزن بوەتە پەتا، شوێنی زلەی لەسەر قسەکردنیشمان داناوە و رەنگە بەو چەشنەی پێویستە، گشتمان زۆر بە پاراوی، لەیەک تێ نەگەین.**

**ئێستا لێرەدا، بۆ ئەوەی باسەکە زۆر زلە نەبێتەوە، تەنیا بۆ وێنە چەند نموونەتان، لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان بۆ باس دەکەم و ئەوانی دیکە دەهێڵمەوە بۆ دەرفەتێکی داهاتو.**

**زاراوەی کوردگەلی رۆژهەڵات، کە لە ژێر چەپۆکی زمانی فارسی دا بوە، بە چەشنێکی بەرچاو شەمزاوە و زمانی عەرەبی فوسحەش ! کارێکی وای بە زاراوەی بەسزمانی کوردگەلی باشوورکردوە، کە بای شەماڵ بە دەواری شڕی ناکا. جا هەر لەبەر ئەمە، لەم دو زاراوەی زمانی کوردی دا، چەشنە ناکۆکیەک هاتوەتە پێشەوە :**

**وێنەی کوردگەلی رۆژهەڵات :**

- **خەبەرهای رەسیدە ی روز خەیلی فراوانە، بەعزێ ئەلێن چاخانە و حەرفی دەهەنی مەردمن، وەلێ دڵنیام راستن و لوپپی مەتڵەبن !**
- **جیهان بسیار هەرج و مەرجە، چاوت رۆژ بەد نەبینێ، ئاشوفتە و بچاپ بچاپە، بەڵام رەوزەنەی ئومیدیش بە چەشم ئەخوا !**
- **منالەکان لە زیرزەمینەکەی وانێک بازیان دەکرد، کامیار زەوی خوارد، بازیش بەهەمی خوارد و رەشی خان (سمێڵ زل) ، بازهەم خەیلی پەکەربو !**

**وێنەی کوردگەلی باشوور :**

- **بەو قەناعەتە گەیشتووم، کە ئەبو لە بیدایەتەوە، مەوقیفی خۆم سەبارەت بە عەولەمە دەربرم.**
- **کاک نەوزاد (حەفتاساڵە) وتی: شتێکی سلبیە، دەبێ مقاوەلەت لەگەڵ بکەم، بەڵام محاوەلە بکە، ئەگەر تەداخولت بو، بیکە و هەمو فکر و خەیاری (خەیاڵی) خۆت دەربرە.**
- **نازدارخان (گەورەکچی بیست ساڵە) رای گەیاند : بە تەئکید ئەبێ ئاماژە بە و موشکیلەیە بکەم، کە هێشتا کۆمەڵی کوردەواری، مەشاکیلی کەلتووری زۆرە و سەنتەرەکان کەمن.**

**لەگەڵ رێز و خۆشەویستی بێ برانەوەم بۆ تەواوی زاراوە کوردیەکان، دەزانم کە خۆتان نموونەی زۆر زیادترتان پێ شک دێ، کە بە هیوام بە کەڵک وەرگرتن لە کوردی پەتی، ئەم گر فتوگیریە ی زمانی کوردی لە نێو بەرین و باشتر لە یەک تێبگەین.**

**برا لە پشت برا بێ ...**